# پەلەقاژەی مەملەکەتی نەخوێندەواران

" سەرەتای دەستپێکردن لە دڵدایە نەگ لە مێشکدا " Maxim Gorki

پۆلا سەعید

ئەگەر کەسێک ناخی پیس بێت، ئەوە بیرکردنەوەشی پیسە. هەمانکات پێچەوانەکەشی ڕاستە. ئەمە کورت و پووخت بۆچوونی گۆرکییە لەم وتەیەدا. ئاخر ئەکادیمیی بوون لاپەڕەیەکی مۆرکراوی دانیشگاکان نییە لە شووشەی بگرین و بە دیواری ماڵەکانمانەوە هەڵیبواسیین. خوێندن لای هەندێ کەس تەنها لە چێوارچێوەگرتنی بەڵگەنامەیەکی دبلۆم و ماجستێرە، کە بتوابنێت لە کۆمەڵدا خۆی پێوە بنوێنێت. ئەم هەڵوێستەش هیچ جیاوازیی نییە لەگەڵ ئەوەی کە خەڵکانێک لە ناخیاندا هەست بە کەمیی خۆیان دەکەن، بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیەش پاڵ ئەدەن بە کێلی پیاوێکی گەورەوە. ئەم جۆرە کۆمپلێکسانە لەناخی زۆر لە ئەندامەکانی کۆمەڵگادا دێت و دەچێت، بەڵام هەریەکێک لەمانە بەشێوەیەک ڕەفتار لەگەڵ ئەم کێشەیەدا دەکەن. بەدەردی "مەحویی" گەورە دەڵێت: کە تۆ کۆسەی بە تۆ چی مامە، ڕیشی باب و باپیرت!!

ئەم جۆرە کەسانە وەک مانگەشەو وان هەر سەرلەئێوارە وەدەردەکەون. وەک چۆن لە یەکەمین وشەیانەوە ناخی خۆیان ئەدەن بەدەستەوە، کە چەند شەڕانگێز و چەند لیخنە ناخیان، ئەمەش لە ناخی دڵیانەوە هەڵدەقوڵێت و لە مێشکیاندا دەیکەنە وشەی گەنیوو و خامەکانی خۆیان و مێژووشیانی پێ پیس دەکەن. ئاخر ئەوە هەر لە کلتووری مەملەکەتی نەخوێندەواراندا هەیە کە کاتێک دەکەونە پەلەقاژە ئیدی هیچ شتێکیان بەدەستەوە نامێنێت، بێجگە لەوەی وەک دز بە پەنجەرەی ماڵەکەتدا هەڵگەڕێن و دەکەونە کووتانەوەی ژیانی تایبەتت. ئەندامانی ئەم مەملەکەتە دژی دەقن و ڕقیشیان لە پێنووس دەبێتەوە، چونکە ئەوەی ئەوان لە توانایاندا نەبێت بەرەنگاری ببنەوە دەقی ڕەخنە و پێنووسە. ئیدی لە هەموو بوارەکانی شەڕانگێزیی و نەبوونی مۆراڵدا ئەمان پاڵەوانن. تۆیەکی نەخوێندەوار ئەگەر گەرەکتە ببیتە ژیانی بەرانبەرێنی ڕەخنەوە ئەوا چ نەبێت بۆ ئەم جارە کەمێک مۆراڵ لەگەڵ خۆت بێهێنە، هەر هیچ نەبێت هەموو ئەندامانی مەملەکەتەکەت کۆبکەرەوە بەهەمووتان پێموابێت کەمێک مۆراڵ هەر پێکدێنن تا لە شانۆی دیسکۆسیۆندا کورسییەکتان بۆ دابنێین. بە دەردی سالم دەڵێ:

" بە حەیا بێرە حزوور، بە ئەدەب سوجدە بەرە،

خەڵوەتی دولبەرە سالم ئەمە مەیخانە نییە"

لە مەملەکەتی نەخوێندەواراندا "بایەک" هەڵیکردووە، پێیدەڵێن "با"ی تاسەلێسیی. نەخوێندەواران چونکە بە تاسەلێسیی لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن و میدیاکاندا جێگای خۆیاندەکەنەوە، ئیدی ئەمەندە کورتبینن پێیان وایە لەم سەرزەمینە زل و زەبەلاحەدا دەقەکان

www.kurdistannet.org

تەنها بەزمانی عەرەبیی نووسراونەتەوە. وەرگێڕانێکی سەقەت و پڕ بۆشایی کە دەگمەن زۆر دەگمەن وەرگێڕی عەرەب هەیە ناوی زانایەک یان بیرمەندێک یان فەیلەسووفێکی ئەورووپیی کەمئەندام نەکردبێت. لەوەش سەقەتتر کە جارێکی تر وەردەگێڕدرێتە سەرزمانی کوردیی بەهەمان هەڵەی وەرگێڕی عەرەب و بەهەمان بۆشایی ئەمە بێجگەلەوەی کە هەموو کات وەگێڕاندنی دەق لە زمانی ڕەسەنەوە بۆ زمانی دووهەم تەواو و ڕێک بە پێرفێکتیی لەدایک نابێت. دەرفەتێکی تر زمانی فارسییە، کە فارسەکان چالاکترن لە وەرگێڕانی دەقە ئەورووپیی‌یەکاندا، هەمانکات وەرگێڕانەکەی ئەمانیش بێ کەموکوریی نابێت، لاوازیی دووهەم دیسانەوە لە فارسیی‌یەوە بۆ کوردیی. بۆ نموونە لەگەڵ ڕێزێکی زۆرم بۆ بەڕێز کاک "مەلابەختیار" لە پەرتووکی "ئازادیی ئەقڵ و کۆمەڵی مەدەنیی"دا لە لاپەڕە "44"دا کە باس لە ئازادیی تاک دەکات یەکێک لە هەرە بیرمەندە مەزنەکانی ئەڵمانی هێناوەتەوە بە نموونە کە ئەویش "ئێمانوێل کانت"ە

((Emmanuel Kant))

ئێمانوێل کانت لە 22 ئەپریلی ساڵی 1724دا لە شاری کونیگسبێرگ لە وڵاتی ئەڵمانیا لەدایکبووە و لە 12.فێبرواری 1804 دا کۆچی دوایی کردووە. کانت وەک لووتکەی ڕەخنەی ڕۆشنگەریی هەتا ئێستا بەگشتیی لەسەرتاسەری ئەورووپا و بەتایبەت لە ئەڵمانیدا بەشێکی زۆری لە قووتابخانە و دانیشگاکان داگیرکردووە. بەڵام نووسەری کورد چونکە تەواوی بڕوای خۆی ئەداتە دەست دەقە وەرگێڕدراوەکان بۆ زمانی عەرەبیی بەتایبەت، ئەمە بێجگەلەوەی وەگێڕە عەرەبەکان بۆشاییەکی زۆریان لە دەقەکانی فەیلەسووفانی ئەورووپیی دا دروستکردووە لەکاتی وەرگێڕاندا لەگەڵ ئەوەشدا ناوی فەیلەسووفەکانیشیان بەهەڵە گەیاندووە بە خوێنەری کورد و عەرەب و خەڵکانی عەرەبیی زان. بەڕێز مەلابەختیار دەبوایە بیرێکی لەوەبکردایەتەوە کە لە زمانی ئەورووپیی دا پیتی "ع" نییە. بەڵام نەخێر بەڕێزیشی هەمان هەڵەی کردووە کە وەرگێڕە عەرەبەکە کردوویەتی ئیمانوێلی کردووە بە " عمانوێل". جا ئەندامانی مەملەکەتی نەخوێندەواران پێیان وایە کە دەق تەنها لە زمانی عەرەبیی دا دەدۆزرێتەوە، خەڵکانی دانیشتووی ئەورووپا ناوی ئەو فەیلەسووف و بیرمەندانەیان تەنها بیستووە. ئاخر کە مرۆڤ نەخوێندەوار بوو وا بیردەکاتەوە. لەبیری دەچێتەوە کە من لە وڵاتی " نیچە و کانت و هێگڵ، فرۆید و کارل پۆپەر و ئێنگلس و مارکس و فیشتە و شۆپن هاوەر و یورگن هابەرماس هتد" دا دەژییم، من دەقێکم دەستدەکەوێت بۆ خوێندنەوە کە دوورە لە دەستێوەردانی وەرگێڕی عەرەبەوە، نە سەروپەتەڵاکی دەقەکان نە ناوی نووسەرەکە تێک نەشکاوە. لە مەملەکەتی نەخوێندەواراندا ئەوی دوای ڕاستی بکەوێت یان سەری پاندەکرێتەوە یان ئەوەتا سەنگەرێکی پووچی لێدەگرن بە چەکێکی کلاسیکیی‌یەوە، ئەویش چەکی جوێن و بووختان و سووکایەتیی پێکردنە. لە مەملەکەتی نەخوێندەواراندا ڕۆژنامەوانیی دایەنگای پەروەردەکردنی "پۆنتیوس پیلاتوس"ە بۆ سووکایەتیی پێکردنی کەسایەتیی. ئەوان لاپەڕەکانی ڕۆژنامەکان دەکەنە دادگاکەی ئۆرشەلیم و خۆشیان بە پیلاتوس ئیتر هەر کەسێک بکەوێتە سەرتەختەی ئەم شانۆیە بۆ ئەوان ئێچچە هۆمۆیەکە و هەتا ویستیان بێت دەستدەکەن بە سووکایەتیی پێکردنی کەسی

www.kurdistannet.org

ناوبراو. بێگوومان ئەمەش هۆکاری پەلەقاژەیانە چونکە ئەگەر ڕۆمەکانیش پەلەقاژەی ڕووخانیان نەبوایە عیسایان لەخاچ نەدەدا. کاتێک پیلاتۆس لە عیسا دەپرسێت دەڵێت: هۆکانی یاخیی بوونت چییە لە قەیسەر؟ عیسا دەڵێ: تەنها ڕاستیی. بەڵام ئایا ئەی نەخوێندەواران ڕاستیی چییە؟ ئێوە هەرگیز تۆزی نامۆیی ڕۆژێک لە ڕۆژان ڕووخساری ماچ نەکردوون چونکە لەسەر کوورسیی ڕاستیی دانەنیشتوون، هەمیشە تاسەلێس بوون. بەڵام ئەوی دوای ڕاستی دەکەوێت ئەوا حەزرەتی نالیی دەفەرموویێت:

" دائیم لە حەززەردا سەفەریی بە، لە وەتەندا

غوربەتکەش و عاجز بە، ئەگەر ئەهلی تەریقی"

بۆیە ئەوی دوای ڕاستیی دەکەوێت، لە هەرکوێ بێت نامۆیی دەستی لە ئێخەی نابێتەوە. ئێوەی نەخوێندەوار کە هێندە ترسنۆکن بۆ دەست ئەدەنە بەردێک کە پێتان هەڵناگیرێت؟ کە وتارێک دەنووسیت پڕ و پووخت سووکایەتیی و بووختانکردنە ئیدی چما ئێستا پەشیمانییت لێی و خۆت ناکەیتە خاوەنی؟ یان واتدەزانی لە ئەورووپادا کورسییەک بۆ خۆت پەیدا دەکەیت لەسەنگەری ئەوکەسانەوە کە ناوی پاڵەوانانی خاکیان لەخۆیان ناوە و لەژێر پەردەی کوردایەتیی دا ڕۆژانە سووکایەتییەکی زۆر بە خەڵکی ماندوونەناسی کورد دەکەن. ئەمە بۆ جاری یەکەم نییە دیتە گوێم دەنگێک بە ئاوازی خۆ بە زل زانیییەوە پاڵ ئەدات بە کێلی پیاوی گەورە و تەختەی دانیشتنەکانی زانکۆ و بڕوانامەی دبلۆم و ماجستێرەوە. خۆ ئەگەر بە دبلۆم و خوێندنی باڵا بوایە ئێستا ئەم پلانێتەی زەویی بەهەشت بوو، بەڵام کورد گووتەنی بە ڕیش نییە، بە ئیشە. سەردەمانێک حیزبی بەعسی عەرەبی ناسۆشیالیستیی، ئەوی بەعسیی نەبوایە تەنانەت لە پەیمانگاکانی مامۆستایان و هونەرەجوانەکانیش وەری نەدەگرت، نەگ لە دانیشتگایەکی پایە بەرزدا. لە میانەی جەنگی نارەوای نێوان ئێراق و ئێران دا دیسان پاساوێکی دی بۆ حیزبی بەعس هاتە پێشەوە، کە ئەویش ئەوەبوو کوڕانی باوک شەهید و برا شەهید کوێیان بویستایە بە ئاسانیی و بە چەقەنەیەک وەریاندەگرتن. بەڵام خەڵکی قوربەسەری بێکەس و خاوەن توانای مێشک فرێدەرانە بەردەمی ئاستە نزمەکانی خوێندن یان دەکران بە سەرباز. خوێندن دوارۆژی گەل و وڵاتە بۆیە دەبێت زۆر بە لێپرساوێتییەوە چ خوێندکار و چ مامۆستا و چ دەوڵەت لێی بڕوانێت. خوێندن کێڵگەیەکە بۆ چاندنی گوڵە گەنمی بەسوود و پڕ بەرهەم نەگ خومخانەی ڕەنگکردن. مەخابوونە کە ئێستاش لە تێکڕای زانکۆکانی کوردستان دا هەمان یاسا و ڕێسا دووبارە دەبێتەوە. من ڕێزێکی زۆرم بۆ بنەماڵەی شەهیدان و خاوەن خەبات هەیە، بەڵام ئەوان دەبێت خۆیان هەست بەو لێپرسراوێتییە بکەن ئەمە چارەنووسی گەلێکە نەگ پێشبڕکێی خۆدەرخستن. وەرگرتنی هەر کەسێک لە زانکۆدا کە توانای بەسەر ئەو بەشەدا نەبێت کە هەڵبژاردووە هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ ئەو خوێندکارانەدا کە بە ساختە و قۆپیی و پاڵنان خوێندن تەواو دەکەن. چونکە ئەمانە هیچ سوودێکیان بۆ دوارۆژ نابێت. تەنها ئەوە نەبێت لەماڵەوە بڕوانامەیەک لە شووشە دەگرن و لە ژووری میوان هەڵیدەواسن. هەمانکات وەک چۆن ڕژێمی چەپەڵی بەعس خەڵکی فێری تاسەلێسیی کردبوو، ئاوهاش ئێستا بەردەوام

چەندینەی خەڵک بەتایبەت لە ئەندامانی مەملکەتی نەخوێندەواران هەر هەمان شت تاسەلێسن خۆهەڵواسن. من چ نەبێت نانی ئارەقەی تەوێڵی خۆم دەخۆم. نەخوێندەواران سوێیان بۆتەوە بۆ ئەوروپا بۆیە ئێستا سەنگەرێکی قوڵیان لە کوردەکانی ئەوروپا هەڵکەندووە و بە ڕاکردوویان ناودەبەن، بەڵام ئەمانیش ڕێوی ئاسا دەمیان پێی ناگات و دەڵێن ترشە. نەخوێندەواران من جاران لە کوردستان دەژییام، بەڵام ئێستا کوردستان لە مندا دەژیی. ئێوەش پەلەقاژەی ڕووخانتانە.

04.05.04

"پۆنتیوس پیلاتوس" ئەو کەسە بوو کە لە ئورشەلیم دا وەک دادوەرێک *Pontius Pilatus ڕۆڵی هەبوو، بڕیاری لەخاچدانی عیسای دەرکرد." فریدریش نیچە" لەم دەلاقەیەوە ئەو پەڕتووکەی کە لە پاییزی 1888 دا لە "توورین" نووسیوویەتی ناوی دەنێت "ئێچچە هۆمۆ" پیلاتوس یەکەمین کەس بووە، کە ئەم زاراوەیەی بەکارهێناوە. زاراوەکە پێکهاتووە لە دوو وشەی لێکدراو " ئێچچە" بەمانای تاجی چقڵیینە "هۆمۆ" بە مانای مرۆڤ. پێکەوە واتە ئەو مرۆڤەی تاجێکی چقڵینەی لەسەردایە. مەبەست لێرەشدا ئەو تاجە چقڵینەیە کە پیلاتوس کردیە سەری عیسا. بێگگومان زاراوەکەش لاتینە.

*Ecce homo ئێچچە هۆمۆ

سەرچاوە:

ئێچچە هۆمۆ: فریدریش نیچە

دوا وتە:

دوا وتەم بۆ ناحەزە خاوەن دبلۆمە نەخوێندەوارەکانم ئەوەیە، کە هەوڵبدەن زیاتر فێری زمانی کوردیی ببن. هەوڵبدەن لە توێی نیوو لاپەڕەدا بتوانن چەند ڕستەیەکی پووخت و خاوێن دوور لە هەڵەی ڕێزمان و زمانەوانیی دابڕێژن. بزانن چ ڕستەیەک شایەنی نیشانەی سەرسوورمان و نیشانەی پرسیارە ئەوسا نیشانەکە قووتبکەنەوە. وەک ئەوەی پارەی گەراجیشیان دابێت هەتا کۆتایی خاڵێکیان دانەناوە بێجگە لە فاریزە.

www.kurdistannet.org